# لافیتەی دوای هیجرەت

## پێشکەشە بە پەپولەی رۆحی شەیدای شاملو

عومەر کەریم بەرزنجی

ئیدی بە بێدەنگی دەدوێ

بە بێدەنگی

لەسەر لافیتەیەکی رەش

دواین شیعر

دواین نامەی

سەفەری خۆت و ئەو کۆترە سپیانە

بۆ نیگای پڕ لە ئەفسوونی کچێکی مەست

دەنوسیەوە!!!

دنیایەکی سەیرە گوڵم

بە دەریایەکی خەراباتا رەت دەبی

نایەیتەوە حزوری ئەو پەپولانەی

بە ئاونگی گوڵی حوزنت تاسەیان دەشکاند

" تەم سەرتاسەری بیابانی تەنیوەتەوە "

تۆ دەرۆی و ئەو تەمانە نارەونەوە

چیدی لەسەر پەلکی نێرگسێک

دوو کەناری رازی عەشق ناگۆڕنەوە

پەپولەی رۆحی شاعیرێک،

بێسرەوتانە هەڵئەفرێ

لەو غوبارەدا....

شکۆفەی ئەوینێک ئەوەرێ

تریفەی مانگ

لەو ئاوێنە درزبردووەی قەدەرەدا

تارمایی خەونێکە، کوژراو

شاملۆ، ئەی پەڕەسێلکەی شیعر

ئیدی بەچرپەوە دەدوێ، بە بێدەنگی

کێ وەک تۆ

ئەسپی سەرچڵی شیعرێک رامدەکاو

دەچرێنێ لغاوی خەونی ئەسپەشێ

دەنگێ دێ، لە چرپەی تۆ دەچێ

مامزی خەونێکەو

لەژێر درەختێکی قژ کەسکی شیعرێکی ئاویەردا

سەرخەوێ دەشکێنێ

کەژاوەی دواسەفەر بەرێکە

دەبینم لە نێوان تابوت و گۆڕێکدا

پەرەسێلکەیەکی کۆچەریت

راڤەی دوا سەفەرت، بۆ ئەو نەورەسانە دەکەیت

وەرزی هیجرانە ئەی یار، وەرزی چاو لێک نانی گوڵە بەرۆژەیەکە

لە بەردەم زەردەپەڕی هاویندا

زێوانێک بەدیار هەڵوەرینی گوڵەکانەوە

دواین شیعر، دوا ئایەتی خۆشەویستی

بۆ ئەو کەناریانە دەخوێنێتەوە

هیجرەت ژێیەکانی گەروی ئەنفال کردن

ئیدی بە بێدەنگی دەدوێی

چیدی، بە چاویلکەی خەونێکەوە

نایەیتەوە.

لە نسێی بەژنی زراڤی کیژێکی تاراندا

دوا نامەی عاشقێک

دوا پەیڤی بێ ئەدرەس

بۆ ئەو گوڵانە راڤە کەیت

وەرزی هیجرانە ئەی یار

وەرزی ماڵ ئاوایی

ئەی ناخودای نوقوم بووی دەریای مردوو

بە سانایی لە سەر گۆنای گێلاسێک

ئەفسانەی ماچ نانووسرێتەوە.

ئەو دێرانەی ناو کەوانەکە شیعری شاملووە.

2000/7/31